# دەنگ

**کورتە چیرۆك**



**ساڵح محەممەدئەمین**

هەر دوێنـێ و هـەر ئـەمڕۆی..؟ دوێنـێ، کـە ئـەوی جێهێـشت و خـۆی گـەیانـدینێ، وەك لـە دڕنـدەیـەك هـەڵـاتبێ، سـەیرکـە ئێـستاش چـۆن گەشبۆتەوە، دوێنێ کە لێرە ڕۆیشت ڕەنگی مردووی لێنیشت.. یەك قسە چییە لە دەمی دەرنەچوو.. تەنانەت خواحافیزیشی نـەکـرد.. کـەسیـشمان نەمانزانی بۆ؟ ئەوەی ئێستا لایـەوە دانیـشتووە، دوێنـێش کـە ئێمـە هـاتین هەر لایەوەبوو، بەڵام کە چاوی بە ئێمە کەوت، یەکسەر هەستاو گەیشتە لامان..

پرسیارەکە پیکێکی گاشەبەرد شـکێنە. جـا ئـەو دڵـەنـەرمـە گۆشـت و ماسولکەیە زەبری پیکی بۆ چییە؟ دایکم وتەنی، نووکە قسە هەیە زۆر لەو پیکەو، لە دەنووکی هەڵۆیەکی برسی بـەزەبرتـرە... ئێـستا خـەنـدەی ئـەو کابرایەی هیچ ئاگایەکی لە دڵی تۆ نەبـوو، بزانـە چـۆن وەک گوڵخـەنـدەران شەقی کردیت.. سەرەتا نووکی قسەکە لە دڵت چـەقی.. ئـازارێکی زۆرت چەشت، مەگەر هەر ڕانەمەڕی گورگ لێدراو، هێندەی تۆقاندنەکەی تۆ لـەو گەلەگورگە تـۆقیبێ.. ئـەوە چ وەیـشوومەیـەك بـوو لـەکـاتێکی وا بێئاگاییـدا هەڵی کوتایە سـەرت؟ کەی تۆ بەتەمای زەبرێکی وا ناکـاو بوویـت؟ ئـەو کـە سـڵاوی لێکردیـت، هێنـد پـەشـۆکابوو، ڕۆحـت چووبـوو لـەوەی بـەسـەرتـا سـاغبێتەوە.. ڕاسـتە چـەنـد سـاڵێك لـەتـۆ هـەڵکشاوترە، بـەڵام مـەگـەر ڕێکـەوتێکـی وێـڵ بـۆلای تـۆی گلۆرکردبێتـەوە.. ڕێکـەوتێـك کـە بـۆ ئـەو لـە پرسیارەکەو وەڵامێك بەدڵی خۆی زیاتر هیچ نەگـەیـەنـێ، دەستیـشی لـە مەبەستەکەی خۆی گیربوو.. کەچی بۆ تۆ مەگەر هەر هەژانە کوتوپڕەکـەی خۆت وەڵامەکەی بووبێ.. تۆ دەمت بووە تەڵەی تەقیو و هیچت بـۆ نـەوتـرا.. نەك تۆ هەرکەسێکی تریش لەجێگەت بوایە، گەر خراپتری بەسەر نەهاتبا ئـەوا لـەتـۆ کـەمتری لـێ نـەدەقـەوما!! ڕاسـتە تـۆ مـاوەیـەکی زۆرە ئـەو خوازبێنییەت کردووەو وەڵامێکی نابەدڵـی واش دراویتـەوە، تۆبـەی مـەرگـی

پێکردیت!! بەڵام ئەوەتا جارێکی تریش بە شێوەیەکی دی یەخەی گرتیتەوە. شێوەیەك، هەرگیز بە بیرتا نەهاتبێت.. هەر تۆ نا، بەڵکو مرۆڤ بەگشتی، لە هەموو گیاندارەکانی تری سەر گۆی زەوی خۆپەرسترە.. مرۆڤایەتییەکەی کە یەکبینە بە سەردەمییەوەیە، دەگمەنە! بزانم یەکێکم پێبڵێ کەسێکی خۆشبوێت و مەبەستی داگیرکردنی نەبێ... دەزانی لەو رووەوە مرۆڤ وەك چی دەبینم؟ رێك کرمێکی ئاوریشمە، ئەو کرمەی، تاڵێك چییە لەو ئاوریشمەی کە دەری دەکات بە هیچ گیاندارێکی دی رەوا نابینێ و، بەپەلە لە خۆیی دەئاڵێنێ، تا کاتێك بەخۆی دەزانێ لە ناویدا دەتاسێ و گیان لەدەست دەدا.. نازانێ دوای خۆی هەر چەند تاڵێکی بە بەرگی کەسێکەوە دەبریسکێتەوە و بە بە باڵایەکدا شۆردەبێتەوە... بۆیە تا نەچووە بچێ هەستەو سەرجەم داوی ئەو خۆشەویستییە بپسێنە. تۆ وەك ئەوان مەکە، بە کەسانێکی تری رەوا ببینە، ئەو بەرگەی لێ بدوورە کە ئارەزووی بینینی پێوە دەکات... خۆشەویستی موڵکداری نییە، خۆشەویستی دوو سەرەیەو بە دوو لایەنەوە بەندە. گەر یەکێکیان قاییل نەبوو پێداگرتنی لاکەی دی دڕندەییەو زەوتکردنە نەك ئەوەی (مرۆڤایەتی) پێ دەڵێن...

دوێنێ کەس نەیزانی بۆچی وا لەپڕ سوور هەڵگەڕایت و بێ خواحافیزی دەرپەڕیت. لە رۆیشتنتا ورتە ورتێکت کرد، هەندێك بە خواحافیزی و، هەندێکی تریش سوێندی قورسیان دەخوارد کە فڕی بەسەر خواحافیزییەوە نەبووە!! لە هەمووشی سەیرتر پارەت نەداو ئاوریشت لە خاوەن چایخانە نەدایەوە. تۆ مەگەر خۆت پارەی هەمووانت دابێت، ئەگینا کەم بەوێری کەس قایلبوویت. ئەوان ئێستا بیر لە چەندین شتی سەیر دەکەنەوە، رەنگە بڵێن: ناهەقی بوو؟ بزانە لە باسی دزی و جەردەیی و چوونە سەر ماڵان زیاتر شتێکی دی باسکرا؟ خۆ ئەم شارە هەر ئەوەنییە کە ئەوان کردبویانە بنێشتەخۆشەی ژێر دانیان!!. پێشتر تۆ یەکبینە سوێندت دەخوارد، کە لەگەڕەکی خۆتاندا، شەوان دەرگا بخەسەرپشت و یەك دەنکیش خەمت نەبێ. کەچی ئەمڕۆ قسەوباسەکانت ئەوەندە بەقورس وەرگرت، تا بەوجۆرە کارت تێبکات و بەو بارە دەروونییە خراپەوە جێیان بهێلیت. کابرای کە بە هەڵەداوان دوات کەوت، تۆش هێندەی دی پێت پێوەنا نەوەك شتێکت لێهەڵکڕێنێ. رەنگە لە گەڕانەوەیدا تووشی هەناسەبڕکێ بوویێت و، قسەی: "هەرچیم کرد پێی نەگەیشتمەوە، دەتگوت ئاسکە دەردەچێ، گوێشی لە ئاست بانگکردنەکانمدا مسی تێکرابوو!!" کردبێت.. ئەوانیش لێی گەڕابن تا پشوویەکی پێدا دێتەوە، ئەمجا، لێی بکەنە هەراو بەدەم پێکەنینەوە لە هەڵوێستە سەیرەکەت بپرسن و بڵێن: "باشە نەیوت بۆچی وا بەپەلە و هەڵبزرکاوانە تێی تەقاند؟ بڵێی لە قسەی کەسمان توورەبووبێ؟" ئەویش دوورنییە بە زەردەخەنەیەك وەڵامیان بداتەوەو لە دڵی خۆشیا بڵێ: "سەیری ئەو ئەقڵە، من دەڵێم پێی نەگەیشتمەوە، کەچی ئەوان لە قسەکردنەکەی دەپرسن؟!! نێرەبیدۆشەیە"..

هەردوێنێ، بێئاگابوویت لەوەی هەڵبزرکاوییەکەت لێشاوێك ترسی بە ماڵەکەدا کرد.. گەردەلوولێك نەهامەتی پێشخۆی دا. بێئەوەی فززە

لەدەمت دەرچێ خۆت بەژووری نووستنەکەتدا کرد، لەودیویشەوە دەرگاکەت کلۆمکرد.. خانووەکەش وەك هەرجارێکی تر، ترسێکی تۆقێنەری تێئاڵا و بووە گۆڕێکی سامناکی گەڕەك. گۆڕێك چوار زیندووی تێدا گۆڕەوشار درابێ.. ئەگەرچی لە مێژە دایك و دووبراکەت مەلەوانی ناو ئۆقیانووسی ئەو ترسەتن و زۆرجاریش بە جۆرێك تێیدا شەکەتبوون کە چاوبزکردنەوەی مەرگیان لەدووری چەند هەنگاوێکەوە بینیبێ. خۆشیان دەیانزانی مەرگ لە هەقی ئەو ترسەت نایەت!! چونکە مەرگ ساتە وەختێکەو لە کۆڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەم ترسە کە تێتئاڵا، بۆ ماوەیەکی زۆر دەتشێوێنێ، دەتکاتە کەسێکی دی. کەسێك، ئادگارت نەبێ هیچی ترت بەو نەچێ. رووە گەش و خۆشەکەی باری ئاسایت گرژومۆن، هێمنییەکەت هەڵەشە، دەنگەناسکە ئاساییەکەت گڕ... دەبیتە کەسێك ناسینەوەت زەحمەتبێ.. وەنەبێ ترسەکەت هەر لە شتێکبێ، تۆ خۆت وتەنی "ترس میوانی بەردەوامە، میوانێکە لە خەویشدا لەباخەڵمدا بەئاگا و وریایە!! جار هەیە دڵم دەداتەوە، جاریش هەیە هێندەی دی دەمتۆقێنێ". خۆتی لێدەرچێ کەس نازانێ لەکەیەکەوە ئەو بارەگرانەت بەکۆڵەوەیە. نزیکترین کەسیشت تێت نەگەیشتووە و بێئاگایە لەوەی کەی و چۆن ئەم هەموو خەمەت لە کۆڵەکەت ئاخنیوە. کەسیش پرکێشی ناکات لەو بارەیەوە پرسیارێکت لێباکات. تۆ هەرگیز بیرت لەقسەی ئەوان نەکردۆتەوە. لیتاوێکی دی پێتدا هەڵپژاوە، لیتاوێك لە مێژە لێت نابێتەوە! لیتاوێك چی ئاوی وڵاتەکەتە تێیدا تاقیتکردۆتەوە، گەردێك چییە بۆی لانەبراوە!! چاوی ئاسایی پچوکترین شوێنەواری پەڵەیەك چییە لێتی بەدی ناکات. بەڵام چاو هەیە شوێنەوارەکان بە ئادگارتەوە نەبێ بە هیچ شوێنیکی دییەوە نایبینێ. هاورێ هەمیشەییەکانت شتێکیان لە چاوتا بینیوە، بەڵام زوو لێیانی ون دەکەیت.. بۆیە هەر بە دەرکەوتنت خۆ لەچاوتدا دەبیننەوە، بەڵام تۆ لێیان بە ئاگایت، بۆیە یان دەینوقێنی یان بۆ لایەك دەیگوێزیتەوە کە گوێزانئاسا سەرنجەکانیان بپسێنێ، ئەوانیش لەشێوەی داوە پساوەکەدا شۆڕببنەوەو کرژیی و تیژییەکەیان نەمێنێ. بێئاگان لە قسەوباسی برادەرەکانت. تۆ هەمیشە رێکپۆش و خاوێنیت، بەوە سەرت لە زۆریان تێکداوە. بەڵام ترسەکەی ناخت، کە هەندێجار لێت توند دەکات و، بەجارێك دەتتۆقێنێ، تۆقاندنێك لەخۆت بەولاوە کەس نازانێ بۆچییە. پێدەچێ ترسەکەت هەر لەوەبێ کە دەوروبەر لێت بەئاگابن، بۆیە سووری لە شاردنەوەی. وانییە وەك برادەرەکانت بیری لێدەکەنەوە، چونکە باسەکە هەر هەمان باسی رۆژانی پێشتربوو. دوای سیاسەت، دزی و ماڵبڕینی ڕۆژگارەکە زۆرترین پانتایی قسەکانیان گرتبۆوە. جا بۆ هیچ جیاوازییەك لە نێوان سیاسی ئەمڕۆ و دزدا دەکرێ؟!. هەرچی پێبیلێی بەشداری نەتبوو.. دواتر زانیت، هەر خۆشیان بۆیان باسکردیت، کە ئەوان لەگەرمەی لێکدانەوەکانیاندا بوون، کابرای دانیشتووی سەر مێزەکەی، پێشتر تۆی لەگەڵدا بوویت، بەرەو روویان هاتووە و پرسیاری تۆی لێکردوون.. کە زانی لەوێ نەماویت، لەبەر خۆیەوە قسەی کردووەو سەریشی باداوە. ئەو کاتەی گەیشتیتەوە و دەرگای ژووری نووستنەکەت لەسەر خۆت کلۆم دا، هەر ئەو کاتە بیرە شیواو و شپرزەکە جێی هێشتیت و پشوویەکت دا. ویستت خۆ لە

پرسیاری کابرا دوورخەیتەوە.. بەڵام مەحاڵ بوو، هەوڵی نووستنت دا.. خەوی چی؟ چ خەوێك ئەوەندە ئازایە، گێژەڵووکەی بیرکردنەوەکەت بخات؟ گێژەڵووکەیەك، نەك پەپوولەی خەون، بەڵکو دڕندەترین خەونیش رادەدا.. کێ لەو بیرکردنەوەیەی تۆدا ئارام دەبێت.

خۆت گوێت لە بەشێکی قسەکانی بوو، چونکە هێشتا لە قسەکانی نەببۆوە، پەیدابوویت. ئەمجارەیان وەك سوارێکی کارامەی سەر ئەسپێك کە زۆر دڵنیایانە لغاوەکەی گرتبێ... ئەسپێك گەر باش دابینی نەکەیت و دەست لە بینی سەرکێشییەکانی نەنێیت، بەجۆرێك هەڵدەتیزینێ هەرچی مانابێ بۆ مرۆڤایەتی ڕاستەقینە نایهێڵێتەوە..

تۆ لە بەردەم حەپەساوی برادەرەکانتا، زۆر بەگەشی دەستت لە ملی کابراکرد و کەوتنە قسە. قسەکانت دیاربوون. نەك هەر لە ڕووی خۆتدا بەڵکو بەڕووی خاوەن پرسیاریشەوە.. ئاشکرا باسی کیژەی هاوپۆل و هاوتەمەنت پێووت... دوای بەڕێکردنی ئەو بە جۆرێکی دی هاتیتەوە لای برادەرانت و بێئاگاداری خۆت، بەدەم بزەیەکی نایابەوە، کەوتیتە لێوە لەرێ.. بەجۆرێکیش قسەت بۆخۆت دەکرد، کۆلکە خوێنەوارێك لەهەموو دەنگەکانی ناخت بگات... ڕووەگەشەکەت ببووە تەختە رەشی پۆلێکی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری و کەس نەبوو جیاکردنەوە مرۆییانەکەی لەبەرخۆتەوە بەو دەنگە نەرم و گەرمەتەوە، لە نێوان "خۆشەویستی" و "موڵکداریدا" دەتکرد، تێنەگات!! لەو رۆژەوە، گەڕانەوەت شتێکی ترە، ماڵەکە بە خۆتانەوە ئاوەدانەو قریوەی پێکەنینیشتان گۆڕەکەی بۆ کردوونەتە بەهەشت و کەسێکیش نییە لە لێقەوماندا سەری پێدا نەکات... ئێستا بە بوونی جمکەکەشتەوە، بەهۆی ئەو دەنگە بەئاگاهێن و ورياكەرەی لەو خۆپەرستییە ڕزگاری کردیت بوویتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی و گەشییەکەی خۆتت لێدەبارێ.

سلێمانی
٢٠١١/١٢/٢١
تەواو کراوە